## ترس لە گۆڕان! ... چیمەن سالّح

لە یە کێك لە ژمارەکانی زووتری گۆڤاری دیرساتی کوردی کە لە ئینستیتۆیکورد لە پاریس دەرچووە، چەند بابەتێکی گرنگی لە سەر بارودۆخی کۆمەڵگای کوردی تێدابوو، باسی کاتێکی زۆر زووتر لە ئێستاشی دەکرد، بابە تەکان هەموو سەرنجیان زۆر راکێشام. بە لاّم زیاتر سەرنجێکم لا پتەوتر بوو لە خوێندنەوەی ئەەم باسانەوە کە نووسەرو رۆژهەلاّتناسانی ناودار نووسیبوویانن لەسەر سستی کۆمەلاّیەتی و ئابوری گەلێك شتی تێدا بو، لێدوانی لە بارە سیاسیەکەش جیاوازترە لە ئەمرو چونکە باسی سەر دەمی رژێمی سە دامی دەکرد، ئەو سەرنجەشم کە بووە هۆی قوولّبوونەوەی زیاترم تێیدا، پرسی ترسە لە گۆڕان.

ئەگەر بە وردی سەر نج لە رووداوەکان بدەی تا ئەمڕۆش پرسی ترس لە گۆڕان یە کێکە لە پرسە هەرە زالّەکان، دیارە مەبەستم لە ترسو بەردەوامییە لە سەر حالّەتە نێگە تیفە کان نەك پۆزەتیفە کان، بە تاك و بە کۆمەڵەو ئێمە لە گۆڕان دەترسین بەرەو حالّەتی باشتر و ئاسایی ترو متمانە پێکراو تر، کە تیایدا رەش و سپی جیا بکرێتەوە. کە شەڕ دەبێ دەبێ درێژە بکێشی، چونکە متمانە لە بەر دەوامی حالّەتەکەدایە، کە شتێك تێکچوو دەبێ چاك نەکرێتەوە، کە یەکێك خەلّکێکی زۆر لێی رازی نەبوون دەبی لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە، کە کەسێك خراپ دەسەلاّتی خۆی بە کار هێنا کە بە پێی یاسا تاوانەو بە لاّم لە سایەی تەکەتولدا مافە، دەبێ هەر بەر دەوام بێ. کە یەکێك دەرگای تورەکەی مالّی گشتی بۆ درز تێبوو دەبێ هەر بیکێشێتەوە......... بە شێوەیەك دەتوانین بلّێین کە خولانەوەو مانەوە بە دەوە حالّەتە نێگە تیفە کاندا وەك سوێند ێکی گۆڕانی بەرە چاککردنی ئەو حالّەتە نێگە تیفانە، واتای مەرگ و کۆتاییە.

پێموایە تێبینی کدن لەو حالّەتی مانەوەیەو ترس لە گۆڕان هۆکاری سەرەکی گەلێك لە سستییەکانە لە رووی ئابووری و کۆمەلاّیە تییە وە.

من پێم سەیرە کە بە هێز ترین وەلاّمییان بۆ ئەوەئەوەیەکە ئەوروپا لە ماوەی چەند سەد سالّێکدا ئەو بارەی ئێستای بۆ خۆی دروستکردووە و ئێمەشپێویستمان بە کاتە. ئایا هسچ عەقلّمەندێك پێی وایە ئێمە دەبێ ماوەی چوار سەد و پێنج سەد سالّ چاوەڕی بین تا هەندێك لەو نێگە تیفانە بگۆڕین؟؟

سەیر ەکە لەوەدایە بانێکەو دوو هەواش زۆر جار چەند سەدەی پێویستەو زۆر جاریش بە شتی خەیالّی دە چوێنن یە پێی بەرژەوەندی. ئەگەر ئێمە چاوەڕێی ئەو پرۆسە فیکری و مەعریفیە بکەین کە ئەوروپا پیپایدا تێپەڕبووە

نە تێپەڕ دەبین و نە هیچیش و ئێمە تا ئێستا توانایە کی سنووردارمان هەیە لە و بوارەدا بە لّکو ئەوە ی راستە ئەوەیە، ئێمە کە سانی دلّسۆز بخەینە کار بۆ ئەوەی ئەوەی ئەوان بە حازری پێشکەشییان کردووین ببێ بە بەر نامە بۆ سیتسەمێکی گۆڕان بۆ حالّەتە پۆزە تیفەکان.

ئەوەش تا چەند دەکریلە حالّەتکدا بەژەوەندی و پارە وەك قیر تێکەلّی هەمو کارێك بووە بە پێی سیستەمی (زۆری لە بە رهەمهێنان و خراپی لە دابە شکردن) دەڕوا بە ڕێوە، واتا بو

َ هەندێك قرەو بۆ هەندێك پڕە، ئەمەش ترسێكی گەورەی لە گۆڕان دروست كردو وە و ئاستەنگێكی گەورەشە.
ئەو ترس لە گۆڕرن هۆكارێكی گەورەی گەلێك لە سستییەكانە لە گەلێك لەبوارەكاندا. گەلێكیش هەن برەو بو َ ئەو نەگۆڕانە پەیدادەكەن و نەزانانە خەباتی بۆ دەكەن، لە مرۆژانەدا لە بۆنەیەكدا، كوڕە لاوێكی منداڵكار دەستی بە قسە كردن كرد و قسەیە كی زۆر ئاسایی كرد، باسی هەندێك، گیرو گرفتی كرد كە شەڕی ناوخۆ دروستی كردبوو، بەر پرسێكی پلە ناوەند، ئاوڕێكی لێدایەو تەماشای دەكرد وەك ئەوەی جنێوی پی َ بدات، بە ڕاستی دیمەنی زۆر ناشیرین بوو، وەك ناشیرینی ئەو سوێندی نەگۆڕانە بوو.
ئەگەر چی سیاسەت هەر خۆی لە خۆیدا بۆ جوانكردنی كۆمەڵگایە و حزب و دامو دەزگاو رێكخراەكان ئامرازێكی كۆمەڵگایمەدەنین، لهەمان كاتدا لە دنیای ئەمرۆدا ئەدای سیاسیش كولتوری خۆی هەیە، بە لەهەمو شتێك رێخۆشكردنە بو گۆڕان و كاراكردن و سوود وەر گرتن لە هەموو عەقڵەكان بەرە و گۆڕان.